راگەیەندراوی ڕێکخراوی ئاشتی وئازادی

لەبارەی ڕەوشی سەلامەتی وتەندروستی

# لەساڵی 2022 دا دەیان کرێکار لەکاتی کارکردندا گیان لەدەستدەدەن وسەدانیش برینداردەبن



هەولێر- 26ی شوباتی 2023

# راگەیەندراوی رێکخراوی ئاشتی و ئازادی لەبارەی رەوشی سەلامەتی و تەندروستی کرێکاران لەساڵی ٢٠٢٢ دا دەیان کرێکار لە کاتی کارکردندا گیان لە دەستدەدەن وسەدانیش برینداردەبن

هەولێر- ٢٦ی شوباتی ٢٠٢٣

بەپێـی بەدواداچوونەکانـی رێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی لەسـاڵی ٢٠٢٢ دا لەسەرانسـەری عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان لەکاتـی کارکردنـدا زیاتـر لـە ٧٢ کرێـکار بەهـۆی دەسـتەبەرنەکردنی پێداویسـتییەکانی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەییەوە لـە شـوینەکانی کاردا گیانیـان لەدەسـتداوە.زیاتر لـە ٤٤٠٤ کرێکاریـش برینداربـوون.

ئـەو ژمارنـەش تەنها ئەوانـەن کـە رێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی پێـی گەیشـتوون لـە رێـگای چاودێرەکانیـەوە بەشـێوازی جۆراوجۆر.ئەگەرنـا لەڕاسـتیدا ژمـارەی قوربانیـان زۆر لـەوە زیاتـرن.

جارێکـی دیکـە رێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی داوا لـە لایەنـە پەیوەندارەکانـی عێـراق و کوردسـتان دەکـەن هەرچـی زووە یاسـا و بڕیـار لـەو بارەیـەوە وەربگـرن و ژیانـی هـەزاران کرێـکار بپارێزن،خـاوەن کارەکان پابەندبکـەن بـە دەسـتەبەری پێداویسـتییەکانی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی و کـەس وکاری قوربانییـەکان قەربـوو بکەنـەوە و بـەدەم پێداویسـتییەکانی کرێـکارە بریندارەکانـەوە بچـن.

**رێکخراوی ئاشتی و ئازادی**
**٢٦ی شوباتی ٢٠٢٣**

## راپۆرتی ڕەوشی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢

## پوختەی راپۆرت

رێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی لـە چوارچێـوەی پـرۆژەی مافەکانـی کرێـکاران وئـازادی کاری سـەندیکایی چاودێـری رەوشـی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی شـوێنەکانی کاری کـرد. لـە رێـگای تیمـی چاودێـری و سـەردانیکردنی دامـەزراوە فەرمیـەکان و سـەندیکاکانی کرێـکاران و کەناڵەکانـی راگەیانـدن زانیارییەکان لەسـەر رەوشـی سـەلامەتی وتەندروسـتی پیشـەیی کۆکردنـەوە. داتـا و زانیارییـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە کەرتـی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی کۆمەڵێـک قەیرانـی یاسـایی و ئیـداری و کارگێریـی هەیـە، هەروەهـا کەموکـوڕی لـە کارمەنـد و توانـا و شـارەزایی و توانـای لۆجسـیتیش هەیـە. ئەمـەش وایکـردووە کـە ژمـارەی قوربانیـەکان لـە ئاسـتێکی جێـگای نیگەرانـی بـن. بەهـۆی کارکردنـەوە لـە عێـراق ٤٣٥٣ کـەس برینداربوونـە و ٢٧ کەسـیش گیانیـان لەدەسـتداو لـە مـاوی سـاڵی ٢٠٢٢، لـە هەرێمـی کوردسـتانیش ٤٥ کرێـکار لـە مـاوەی هەمـان سـاڵدا گیانیـان لەدەسـتداوە و ٥١ کرێکاریـش برینـدار بوونـە. لـە واقیعـدا ئـەم ژمارانـە لـەوە زیاتـرن کـە تۆمـار دەکرێـت چونکـە کەموکـوڕی هەیـە لـە میکانیزمەکانـی تۆمارکردنـی ڕووداوەکانـی کار. هـۆکاری رووادوەکانـی کاریـش دەگەرێتـەوە بـۆ نەبوونـی مەرجەکانـی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی و نەگرتنەبـەری رێکارەکانـی خۆپارێزیە لە کاتـی کارکردندا. ئەمەش دەمانگەیەنێتـە ئـەو ئەنجامـەی کـە سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی پێویسـتی بـە چاکسـازی و گۆرانـکاری هەیە لـە چوارچیـوە یاساییەکان و میکانیزمەکانـی جێبەجێکردنـی یاسـا و رێنماییـەکان. بۆیـە پێویسـتە پەلـە بکرێـت لـەوەی سیاسـی نیشـتمانی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی بخرێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە و دامـەزراوە و لایەنـە بەپرسـەکانی جێبەجێکردنـی ئـەم سیاسـەتە هەماهەنگـی زیاتـر بکـەن لـە پێنـاو رەخسـاندنی ژینگەیەکـی سـەلامەت و تەندروسـت بـۆ کارکـردن کـە لانـی کەمـی رووداوەکانـی کارکـردن تێیـدا رووبـدات.

## پێشەکی

جارنامـەی ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کار سـەبارەت بـە بنەمـا و مافـە بنەڕەتییـەکان لـە شـوێنی کاردا، کـە لـە خولـی ٨٦ی کۆنفرانسـی نێودەوڵەتـی کار لـە سـاڵی (١٩٩٨) پەسـەند کـرا، چـوار مافـی بنچینەیـی پەیوەسـت بـە کار دیاریکـرد کـە بریتیـن لـە: ئـازادی کۆبوونـەوە و دانپێدانـان بـە مافـی دانوسـتانی بەکۆمـەڵ؛ نەهێشـتنی هەمـوو جۆرەکانـی کاری زۆرەملـێ یـان ناچاری؛هەڵوەشـاندنەوەی کاری منـداڵان؛ نەهێشـتنی جیـاکاری سـەبارەت بـە دامەزرانـدن و پیشـە. ئـەم جارنامەیـە لـە دانیشـتنی ی ١١٠ ی سـاڵی (٢٠٢٢) هەمـوار کراوەتـەوە خاڵـی پێنجەمـی بـۆ زیادکـراوە کـە بریتیـە لـە ژینگەیەکـی سـەلامەت و تەندروسـت بـۆ کارکـردن. ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کار مەزەنـدە دەکات کـە سـاڵانە نزیکـەی ٢.٣ ملیـۆن کـەس لـە سەرانسـەری جیهانـدا تووشـی ڕووداو یـان نەخۆشـی پەیوەسـت بـە کارەوە دەبـن؛ ئەمـەش هاوتایـە لەگـەڵ زیاتـر لـە ٦٠٠٠ مردن لـە هـەر ڕۆژێکدا. لـە سەرانسـەری جیهانـدا سـاڵانە نزیکـەی ٣٤٠ ملیـۆن ڕووداوی پیشـەیی و ١٦٠ ملیـۆن قوربانـی نەخۆشـییەکانی پەیوەسـت بـە کار ڕوودەدەن. ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کار ئـەم خەمڵاندنانـە مـاوە مـاوە نـوێ دەکاتـەوە و نوێکردنـەوەکان ئامـاژەن بـۆ زیادبوونـی ڕووداوەکان و نەخۆشـی تەندروسـتی بەهـۆی کارەوە.

بوونـی سیسـتەمێکی کاریگـەری بەڕێوەبردنـی تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی پێویسـتی بـە چـوار هەنـگاوی سـەرەکی هەیـە کـە بریتیـن لـە:

١- بنیاتنانـی زانیـاری: زانیـاری دروسـت و باوەڕپێکـراو لەسـەر ڕادەی برینداربـوون، نەخۆشـی و مـردن بەهـۆی هـۆکارە پاڵنەرەکانـی مەترسـی پیشـەیی، ڕێگـری و بەربەسـتەکان و ئەگـەری چارەسـەری کـە لەبەردەسـتدایە.
٢- دروسـتکردنی چوارچێـوەی نیشـتمانی لەبـار: چوارچێـوەی یاسـایی و سیاسـەت و بەڕێوەبردنـی نیشـتمانی کـە بـەردەوام هەمواربکرێنـەوە بـە پێـی پێداویسـتیەکان.

٣- بەهێزکردنـی توانـا نیشـتمانیەکان: تواناکانـی ڕێکخـراو و دامـەزراوەی پەیوەندیـدار بە تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی ، لەوانـەش هاوبەشـە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە پشـتگیری لـە پەرەپێدانـی سیاسـەتەکانی تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی دەکـەن و/ یـان خزمەتگوزارییەکانـی پەیوەسـت بـە تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی ڕاسـتەوخۆ پێشـکەش بـە خاوەنـکارەکان یـان کرێـکاران دەکـەن، بـەرز دەکرێنـەوە.

٤- پەرەپێدانـی داوکاری لەسـەر تەندروسـتی و سـەلامەتی شـوێنی کار:  لـە ڕێـگای بەرزکردنـەوەی هۆشـیاری گشـتی و بەڕێوەبردنـی هەڵمەتـی پاڵپشـتی.

لەسـەر ئاسـتی شـوێنەکانی کار ڕێکخـراوی کاری نێودەولەتـی ڕێوشـوێنەکانی جێبەجێکردنـی ڕێکارەکانی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی دیـاری کـردوە. بەڕێوەبردنـی کاریگەرانـەی سـەلامەتی و تەندروسـتی پێویسـتی بـە پەرەپێدانـی سیاسـەتێکی گشـتگیر هەیـە کـە نـەک تەنهـا سـتانداردە نیشـتمانی و نێودەوڵەتییـەکان بگونجێـت بەڵکـو بەشـداربێت لـە باشـترکردنی ئـەدای گشـتی بازرگانـی. هیـچ سـوودێکی نییـە باشـترین سیاسـەت وەک بەڵگەنامەیەکـی نـووسراو هەبێـت، مەگـەر نەخرێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. ئەمـەش پێویسـتی بـە ڕێکخسـتن هەیـە. ئەمـەش بریتییـە لـە دامەزراندنـی بەرپرسـیارێتی و پەیوەندییـەکان کـە کلتـوری سـەلامەتی و تەندروسـتی ئەرێنـی لـە سەرانسـەری شـوێنەکانی کار بەرەوپێـش دەبـەن، لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە. دوای ئـەوەی سیاسـەتەکە داڕێـژراو و ڕێکخسـتنە ڕێکخراوەییـەکان جێبەجـێ کـران، ئێسـتا کاتـی جێبەجێکردنـی سیاسـەتەکە، ئەمـە پێویسـتی بـە پلاندانـان و هەماهەنگـی ورد هەیـە بـۆ ئـەوەی سـەرکەوتوو بێـت. هەروەهـا گرنگـە ئامانـج و سـتانداردی ئـەدای کارکـردن بـۆ کـردەوەی بەڕێوەبـردن دابنرێـت و خشـتەی کاتیـی واقیعـی دابنرێـت. ئەمـەش یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ کەمکردنـەوەی مەترسـییەکان بـۆ سـەر سـەلامەتی و تەندروسـتی و هێڵێکـی بنەڕەتیـت پێدەبەخشـێت کـە هەمـوو سـتانداردەکانی داهاتـوو لـە پێناویـدا بپێورێـت. زۆر گرنگـە بـە بەردەوامـی چاودێـری سـەلامەتی و ئـەدای تەندروسـتی ئـەو شـوێنە بکرێـت. زۆرجـار پێشـکەوتنی سـەرەتایی بـاش  حەماسـەت کـەم دەکاتـەوە و سـتانداردەکان دەخلیسـکن. ئـەوە کاری بەڕێوەبەرایەتییـە کـە ڕێـکارەکان بـۆ چاودێریکـردن و پێوانەکـردن و تۆمارکردنـی سـەلامەتی و ئـەدای تەندروسـتی لـە کارگەکـەدا دابنێـت.

لـە یاسـای کاری ژمـارە -٣٧- ی سـاڵی ٢٠١٥ بەشـی ١٣، لقـی یەکـەم لـە مـاددەی ١١٣ تـا ١٢٥ تەرخانکـراوە بـە سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی. لـە مـاددەی ١١٣ دا هاتـووە: سـەنتەری نیشـتمانی بـۆ تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی، بەڕێوەبردنـی پلاندانـان و چاودێریکردنـی جێبەجێکردنـی کاروبـاری تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی لـە ئەسـتۆ دەگرێـت بـۆ دڵنیابـوون لـە بڵاوبوونـەوەی هۆشـیاری لـە سـەلامەتی و پاراسـتنی کرێـکاران، لـە

شوێنە جۆراوجۆرەکانی کارکردن، لە نەخۆشییە پیشەییەکان و ڕووداوەکانی کار. هەروەها لە ماددەی ١١٥ دا دانان و پەرەپێدانی سیاسەتی نیشتمانی بۆ سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی بە بەرپرسیارێتی ئەم سەنتەرە دەناسێنێت. هەرچەندە ئەم سەنتەرە راسپێدراوە بە دانانی سیاسەتی نیشتمانی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و پشکنینە جیاوازەکانی پەیوەست بە ژینگەی کارکردن و هەتا مۆڵەت پیدان بە شوێنەکانی کار لە رووی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی، بەڵام دەسەلاتی پشکنینی پێنەدراوە کە راستەوخۆ پشکنەر بنێرێت بۆ شوێنەکانی، واتە پشکنەری تایبەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی نیە، پشکنەری کار ئەرکی چاودێریکردنی شوێنەکانی کار لەم رووەوە لە ئەستۆ دەگرێت و راسپاردە و تێبینیەکانی ئاراستە لایەنی پەیوەندیدار دەکات. بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەو بەشەی یاسای کار رێنمایی ژمارە -١٢- لە ساڵی ٢٠١٧ لە عێراق دەرکراوە کە رێکارەکانی زیاتر روونکردۆتەوە و هەروەها ئەرک و بەرپرسیارێتی و بەشەکانی سەنتەری نیشتیمانی بۆ سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی دیاری دەکات. هەروەها بۆدیاریکردنی پێداویستیەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە شوێنی کار و ئەنجامدانی پشکنینە جیاوازەکانێ  رێنمایی ژمارە -١٢- کە لە ساڵی ٢٠١٦ دەرکراوە،جێبەجێدەکرێت.

لە یاسای کاری ژمارە ٧١ ی ساڵی ١٩٨٧ کە تا ئێستا لە کوردستان جێبەجێدەکرێت لە بەشی چوار لە ژێر ناونیشانی ڕێوشوێنی خۆپارێزی لە کارکردن لە ماددەی ١٠٧ تا ١١٣ تەرخانکراوە بۆ بنەماکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە شوێنی کار. بە بەراورد بە یاسای ژمارە -٣٧- ئەم یاسایەی لە هەرێمی کوردستان جیبەجێدەکرێت بابەتی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی بە ووردەکارییەوە باس نەکراوە. بۆ جیبەجێکردنی ئەم بەشەی پەیوەستە بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە ساڵی ١٩٨٧ رێنمایی ژمارە ٢٣ دەرکراوە لە لایەن وەزارەتی کارەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەم رێنماییە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەگەر بەراوردی عێراق  وهەرێمی کوردستان بکەین لە بواری سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی دەبینین جیاوازی هەیە لە رووی چوارچێوە یاساییەکان و دامەزراوەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنی سیاسەتی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی. لە عێراق چوارچێوە یاساییەکان پێشکەوتووترن، چونکە وەک دەبینین هەم لە یاسای کاری ژمارە ٣٧، هەم لە رێنماییەکان بنەما و رێکار و مەرج و رێوشوینەکانی جێبەجێکردنی پێوەرەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی دیاریکراوە. هەروەها لە رووی دامەزراوەیشەوە سەنتەری نیشتمانی بۆ سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی بەم ئەرکە هەڵدەستێت.  بوونی چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەی تایبەت دوو لە بنەما سەرەکیەکانی بوونی سیستەمێکی نیشتمانیە لە بواری سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە ئەم دوو بنەمایە لە عێراقدا بێ کێشە و گرفتن، کاتێک دێتەسەر جێبەجێکردن تووشی ئاستەنگی جیاواز دەبنەوە. لە هەرێمی کوردستان چی لە رووی یاساییەوە، چی لە رووی رێنماییەوە، هەروەها لە رووی دامەزراوەییەوە کەموکوڕی هەیە. یاسای کار تا ئێستا هەموارنەکراوەتەوە، رێنمایی تایبەت دەرنەکراوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە یاساییەکان، هەروەها لە رووی دامەزراوەییەوە تا ئێستا سەنتەری نیشتمانی بۆ ئەم مەبەستە دانەمەزراوە. لە بەشی داهاتوو بە پشت بەستن بە زانیاری و داتاکان باسی هەوڵەکانی بەرەوپێش بردنی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی دەدەین، هەروەها کێشە و گرفتەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی دەخەینەڕوو کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان تێبینیکراون. ئەم زانیاریانەی لەم راپۆرتەدا خراوەتەروو بەرئەنجامی ئەو کارانەیە کە رێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە چوارچیوەی پرۆژەی پاڵپشتی مافەکانی کرێکاران ئەنجامیداوە، کارەکانیش بریتیبوون

لـە ئەنجامدانـی چالاکـی وەک رێکخسـتنی کۆبوونـەوە بـۆ پەیوەندیـدارەکان و چاوپێکەوتـن و سـەردانیکردن و چاودێریکـردن لـە لایـەن تیمـی پرۆژەکـەوە.

## قوربانیەکانی کار لە عێراق و هەرێمی کوردستان

بـە پێـی ئـەو داتایـەی تیمـی چاودێـری رێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی کۆیکردۆتـەوە، هەروەهـا ئـە داتایـەی کـە سـەنتەری نیشـتیمانی تەندروسـتی و سـەلامەتی بڵاویکردۆتـەوە لـە سـاڵی ٢٠٢٢دا بەهـۆی رووداوەکانـی کارەوە ٤٥٣٠ کـەس برینداربوونـە و ٢٧ کەسـیش گیانیـان لەدەسـتداوە. سـەنتەری نیشـتمانی مانگانـە ئـەم داتایـە لـە بەڕێوەبەرایەتـی پلاندانـان و بەدواداچـوون لـە وەزارەتـی تەندروسـتی وەردەگرێـت. لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـە ئـەم ژمارەیـە تەنهـا ئـەو کەسـانە دەگرێتـەوە کـە داخلـی نەخۆشـخانەکان کـراون، لەوانەیـە هەندێـک کەیـس هەبـن کـە بەهـۆی ئـەوەی سـەردانی نەخۆشـخانەکان ناکـەن تۆمـار نەکرێـن، ئەمـە جگـە لـەوەی هەندێک کات ئـەو کەسـانەی کـە تووشـی رووداو دەبـن لەسـەر کار لەبـەر ئـەوەی خاوەنـکار بەرپرسـیارێتی نەکەوێتـە ئەسـتۆ ئـەو کەسـەی برینـدار بـووە هـۆکارە راسـتەقینەکەی راناگەیەنێـت. سـەنتەری نیشـتمانی ئـەم داتایانـە بەشـێوەی مانگانـە و وەرزی و سـاڵانە بڵاودەکاتـەوە، هەندێـک کات جیـاوازی لـە نێـوان ژمـارەکان دەبینرێـت. بـۆ نموونـە ئـەو ژمارەیـەی کـە لەسـەرەوە ئاماژەی پێـدراوە کـۆی گشـتی سـاڵەکەیە، بـەڵام بەپێـی ئـەم خشـتەیەی خـوارەوە ژمـارەکان جیـاوازن:

| وەرزەکان | ژمارەی بریندارەکان |
|---|---|
| یەکەم | ١٠٤٥ |
| دووەم | ٨٧٠ |
| سێیەم | ١٤٤٥ |
| چوارەم | ٩٩٣ |
| کۆی گشتی | ٤٣٥٣ |

لێـرەدا ئـەوەئ بەدیدەکرێـت کـە ووردبینـی تـەواو لـە داتاکانـدا نیـە، لـە کاتێکـدا وەکـو باسـمان کـرد یەکێـک لـە بنەماکانـی پەرەپێدانـی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی بریتیـە بەردەسـتبوونی زانیـاری تـەواو. بـۆ ئـەوەی ئـەم داتـا و زانیاریانـە بکرێنـە بنەمـای دانانـی سیاسـەت و بەرنامـە و پـلان پێویسـتە پۆلێنـکاری و شـیکاری بکرێـت، بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت هـۆکار و مەترسـیە دیارەکانـی رووداوەکانـی کار بەشـێوەیەکی زانسـتی دەسنیشـان بکرێـت.

ئەمـە تەماشـای چارەکـی سـێیەم بکەیـن دەبینیـن ژمـارەی برینـدارەکان لـە هەمـوو چارەکانـی تـر زیاتـرە، ئەمـەش ئـەوە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە زۆرتریـن رووداوەکان لـە کەرتـی بیناسـازی روودەدەن کـە لـە مانگەکانـی چارەکـی سێیەم چالاکـی و کارکـردن لـەم کەرتـە زیاددەکات. ئـەوەی گرنگـە بریتیـە لـەوەی کـە بە تەنهـا ژمـارەکان هیچمان پێنالێـن ئەگـەر شـیکردنەوەی بـۆ نەکرێـت. هیـچ دابەشـبوونێک لـەو ئامارانـەی کـە بڵاوکراوەتـەوە نەکراوە لەسـەر بنەمـای جێنـدەری، جگـە لـە مانگەکانـی ٢ و ٣ و ٤ نەبێـت کـە ئامـاژە بـەوە دراوە لـە نـاو بریندارەکانـدا ٢٦ یـان لـە رەگـەزی مێـن. ئەمـەش دیسـانەوە کەمووکورییەکـی تـری ئـەو ئامارانەیـە هیـچ بەرچـاو روونیەکـمان ناداتـێ کـە بزانیـن لـەم رووی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەییەوە باردۆخـی ئافرەتـان چۆنـە.

خاڵێکی تر کە جێگای سەرنجە بریتیە لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە گیانیان لەدەستداوە. لە راستیدا ئەم ژمارەیە زۆر جیاوازە لەوەی کە هەیە. لە ساڵی ٢٠٢٢ رێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە کوردستان ٤٥ کەیسی گیان لەدەستدانی تۆمارکردوە بەهۆی رووداوەکانی کارەوە، دەکرێت بپرسین ئایا ئەگەر لە کوردستان ٤٥ (سلێمانی ٢٨، هەولێر ١٠، دهۆک ٧)حاڵەتی گیان لەدەستدان هەبێت دەگونجێت لە هەموو پارێزگاکانی تری عێراق ٢٧ کەیس هەبێت؟ بە پێی راپۆرتی ڕوانگەی عێراقی بۆ مافەکانی کرێکاران و فەرمانبەران کە وەرزیانە بڵاوی کردۆتەوە لە ئاستی عێراق جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ٣٩ کرێکار گیانیان لەدەستداوە. ئەوەی جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە لە کوردستان زۆرترین حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان لە پاریزگای سلێمانی روویانداوە. ئەم ئاماژانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە هێشتا نەتوانراوە سیستەمێکی ووردی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی رووداوەکانی کار دروست بکرێت کە قەربارەی راستەقینەی قوربانیەکانی کارمان پێبڵێت.

ئەگەر لە عێراق ئەو ئامارە فەرمیانەی کە باسکران لە لایەن دامەزراوەیەکی فەرمیەوە دەخرێنەروو، ئەوە لە کوردستان هیچ ئامارێکی فەرمی لە لایەن دامەزراوەیەکی فەرمیەوە راناگەیەنرێت سەبارەت بە قوربانیانی کار. ئەوەی لە بەردەستی ئێمەدایە تیمی چاودێری مافەکانی کرێکاران لە رێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە چوارچێوەی پرۆژەی پاڵپشتی مافەکانی کرێکاران ٤٥ حاڵەتی گیان لەدەستدان و ٥١ برینداربوونیان تۆمار کردوە کە لە ئەنجامی رووداوەکانی کار کەوتۆتەوە. بە پێی کەرتەکانی چالاکی ئابوری زۆرترین رووداوەکانی کار لە کەرتی پیشەسازی و بیناسازی و خزمگوزاری روویانداوە. هۆکارەکانی ئەو رووداوانەش بەزۆری کەوتنە خوارەوە لە بیناکان و کارەبا و ئاگرکەوتنەوە بووە. ئەوەی گرنگە جارێکی تر جەختی لەسەر بکەینەوە بریتیە لە بوونی ئامار و داتا و زانیاری واقعی و دروست بە وردەکارییەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت پۆلێن بکرێن و شیکردنەوەی لەسەر بونیاد بنرێت.

## چوارچێوەی یاسای کەرتی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی

هەر وەکو لە پێشەکی ئەم نوسراوەدا ئاماژەمان پێکرد لە هەردوو یاسای کار کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن دوو کۆمەڵێک ماددە تەرخانکراون بۆ بەرێوەبردن و چاودێریکردن و جێبەجێکردنی مەرجەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی. وەکو ئاماژەی پێدرا سێ ڕینمایی تایبەت بە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە لەبەردەستدان. هەروەها رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٢١ ەوە سەرقاڵی برەدانە بە مەلەفی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە عێراق و هەرێمی کوردستان. لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدا سیاسەت و پلانێکی نیشتمانی بە هاوکاری هەردوو وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئامادەکردوە، بڕیار وایە ئەم سیاسەت و پلانە لە ماوەی نێوان ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٥ جێبەجێ بکرێت. لە ناو سیاسەت و پلانەکە بە وردی ئەو چاکسازیانە پێشنیار کراون کە لە بواری یاساییە پێویستە بکرێت لە ناویاندا هەموارکردنی هەردوو یاسای ژمارە ٣٧ ی ساڵی ٢٠١٥ و یاسای ژمارە ٧١ی ساڵی ١٩٨٧ بەجۆرێک ئەم بنەمایانەی تێدا جێگیر بکرێن:

- دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندنی سەلامەتی پیشەیی و مەترسییە تەندروستییەکان و خۆپارێزی.

- وەرگرتنی سیستەمێک بۆ تۆمارکردن و ڕاپۆرتکردنی ڕووداو و نەخۆشییە پیشەییەکان.

- فراوانکردنـی ڕووماڵکردنی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی بۆ ئـەوەی کۆمپانیا بچـووک و مامناوەندەکان بگرێتـەوە.

- هاوکاری و هاوبەشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە بواری سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی.

عێـراق تـا ئێسـتا ڕێککەوتننامـەی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی ڕێکخـراوی کار (ژمـارە ١٥٥) سـاڵی ١٩٨١ و پرۆتۆکۆڵـی سـاڵی ٢٠٢٢، ڕێککەوتننامـەی خزمەتگوزارییەکانـی تەندروسـتی پیشـەیی(ژمارە ١٦١) سـاڵی ١٩٨٥ ، ڕێککەوتنامـەی سـەلامەتی لـە بەکارهێنانـی مـاددە کیمیاییـەکان و ڕێککەوتننامـەی ڕێگریکـردن لـە ڕووداوە پیشەسـازییە گەورەکان(ژمـارە ١٧٤) سـاڵی ١٩٩٣ ، ئیمـزا نەکـردوە بۆیـە پێشـنیار کـراوە لـەو ماوەیـەدا هەمـوو ئـەم ڕێکەوتنامانـە ئیمـزا بـکات.

یەکێـک لـەو بەربەسـتە یاسـاییانەی کـە هەیـە لـە نێـوان حکومەتـی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان بریتیـە لـە جیـاوازی لـە یاسـا و ڕێنماییـە بـەرکارەکان لـە بـواری سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی. هەوڵـی جیـاواز لە ئـارادان بـۆ ئـەوەی هـاوکاری نێـوان هـەردوو وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی لـە حکومەتـی عێـراق و حکومەتـی هەرێمـی لـەم بـوارە فـراوان بکـەن. یەکێـک لـەو خاڵانـەی لـە ڕاسـپاردەکانی کۆتایـی ئـەو کۆبوونـەوە دوو ڕۆژییـە، کـە ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی لـە ڕێکەوتـی ٢٤ و ٢٥ ئابـی ڕێکیخسـت ، جەختـی لەسـەر کراواتـەوە بریتیـە لـە هەماهەنگـی زیاتـر نێوانیـان، بـە تایبەتیـش یارمەتیدانـی حکومەتـی هەرێـم لـە دامەزراندنـی سـەنتەری نیشـتمانی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی لـە هەرێـم. بـە سەرپەرشـتی ڕێکخـراوی کاری نێودەوڵەتـی هـەردوو وەزارەت لـە ٢٠٢٢/١١/٢٠ یاداشـتێکی لێکتێگەیشـتن لـە نێـوان هـەردوو وەزارەت ئیمزاکـرا کـە یەکێـك لـە خاڵەکانی بریتیـە لـە دانانـی سیسـتەم و پێـوەری نـوێ بـۆ بەدواداچـوون و سـەردانەکانی شـوێنی کارکـردن کـە پێویسـتە هەمـوو مەرجەکانـی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی لەخۆبگرێـت.

لـە میانـەی بەشـداریکردنیان لـە چالاکیـە جۆراوجـۆرەکان بڕیاربەدەسـت و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان خۆیـان ئـەو بڕوایەیـان هەیـە کـە چاکسـازی لـە ڕووی یاسـاییە لـە بـواری سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی پێویسـتە. ئەمـە خاڵێکـی ئەرێنیـە بـۆ کارکـردن و ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـگای مەدەنـی و سـەندیکاکانی کرێـکاران دەتوانـن ڕۆڵیـان هەبێـت لـە دروسـتکردنی و فشـار و هانـدان بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم چاکسـازیانە.

## ئاستەنگە ئیداری و کارگێریی و دامەزراوەییەکان

یەکێـک لـەو ئاسـتەنگە ئیـداری و کارگێـری و داراییانـەی لەبـەردەم سیاسـەتی نیشـتمانی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی لـە عێراقـدا هەیـە بریتیـە یاسـای ژمـارە (٢١) سـاڵی ٢٠٠٨ بـە نـاوی یاسـای ئـەو پارێزگایانـەی کـە لـە هەرێمێکـدا ڕێکخـراو نیـن، ئامانجـی ئـەم ئاسـاییە بریتیـە لـە گەیشـتن بـە گەشـەپیدانی بـەردەوام لـە عێراقـدا، بەپێـی ئـەم یاسـاییە دەسـەڵاتە ئیـداری و داراییەکانـی دامەزراوەکانـی حکومـەت لـە هـەر پارێزگایەکـدا بەسـتراوە

بـە ئەنجومەنـی پاریـزگا و پارێـزگارەوە. تایبـەت بـە وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی بـۆ جێبەجیکردنـی ئـەم یاسـایە، یاسـای لێوەشـانەوەی بەشـەکانی کاروبـاری کۆمەڵایەتـی لـە وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی بـە ژمـارە ١٨ لـە سـاڵی ٢٠١٠ دەرکـراوە. بـە پێـی ئـەم یاسـایە بەرێوەبەرایەتـی گشـتی کاروبـاری کۆمەڵایەتـی بەسـتراوەتەوە بـە پارێـزگارەوە. ئـەم پرۆسـەیە بۆتـە هـۆی کەمبوونـەوەی هـاوکاری و هەماهەنگـی نێوان سـەنتەری نیشـتمانی تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی و لقەکانـی سـەنتەری نیشـتمانی لـە پاریـزگاکان. هەندێـک جـار لـەم ڕووەوە ئامـاژە بـەوە دەکرێـت کـە بەدەسـتهێنانی ئـەو زانیاریانـەی کـە پێویسـتن بـۆ توێژینەوەکـە ئەسـتەمە و هەندێکجاریـش دوای پرۆسـەی جیابوونـەوە نەتوانـرا وەربگیرێتـەوە. سـەنتەری نیشـتمانی لـە پاریـزگاکان مومارەسـەی دەسـەڵاتی کارگێـری و دارایـی خۆیـان دەکـەن لـە چوارچێـوەی پارێزگاکانـی خۆیـان. وەکـو ئامـاژەی پێـدراوە لـە یاسـای کار سـەنتەری نیشـتمانی راسـپێدرێراوە کـە سیاسـەتی نیشـتمانی دابرێژێـت و پەرپێبـدا و چاودێـری جێبەجێکردنـی بـکات. بـۆ چارەسـەکردنی ئـەم جـۆرە کێشـانە سـەنتەری نیشـتمانی داوادەکات کـە یاسـایەکی تایبـەت بـە خـۆی هەبێت و دەسـەڵات و هاوکاری و ڕێوشـوێنەکانی جێبەجێکردنی سیاسـەتی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی دیاریبـکات. هەروەهـا لـەو پێشـنیارانەی کـە سـەنتەری نیشـتمانی داوا دەکات کـە پشـکنەر و لیژنـەی تایبـەت بـە پشـکنینی شـوێنەکانی کار هەبێـت لـە ڕووی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی بەبـێ گەرانـەوە بـۆ دەسـەڵاتی دەرەوەی دامەزراوەکانـی تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی.  شـایەنی ئاماژەپێکردنـەوە ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی لـە ڕێکەوتـی ٢٤ و ٢٥ ئابـی ٢٠٢٢ کۆبوونەوەیەکـی بـۆ بەرێوبـەری سـەنتەرەکانی سـەلامەتی پیشـەیی ڕێکخسـت بـۆ دۆزینـەوەی میکانیـزم هەماهەنگـی نێـوان هەمـوو دامەزراوەکانـی پەیوەسـت بـە سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان.

ئەگـەر لـە عێـراق گرفـت لـە هـاوکاری و هەماهەنگی نێـوان دامەزراوەکانـدا هەبێت لـە جێبەجێکردنـی ڕێکارەکانی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی، ئـەوە لـە کوردسـتان گرفتـی دامەزراوەیـی هەیـە. دامەزراوەیەکـی تایبـەت دروسـت نەکـراوە بـەم پرسـە، ئـەم ئەرکـە بـە لیژنـەکان راسـپێدراوە کـە لـە چوارچێـوەی بەریوبەرایەتیەکانـی گسـتی کار لـە شـەش پارێـزگا و ئیـدارەی سـەربەخۆ پێکهێـنراون. ئـەم لیژنانـە تـا سـاڵی ٢٠١٠ لـە وەزارەتـی تەندروسـتی کاریـان دەکـرد و دەسـەڵاتی پیدانـی مۆڵەتیـان هەبـوو بـە شـوێنەکانی کار، هەروەهـا پکشـنینە پێویسـتیەکان بـۆ کرێـکاران ئەنجامـدەدا و کارتـی تەندروسـتیان بـۆ دروسـت دەکـردن. ئـەم لیژنانـە کـە ٢٠١٠ ەوە گواسـترانەوە بـۆ بەرێوبەرایەتـی گشـتی کار لـە پارێـزگاکان بـەڵام بەبـێ ئـەوەی دەسـەڵاتەکانیان لەگـەڵ خۆیـان ببـەن، واتـە ئـەو دەسـەڵاتەی کـە هەیانبـوو لـە وەزارەتـی تەندروسـتی لـە ڕووی پیدانـی مۆڵـەت بـە شـوێنەکانی کار لـە ڕووی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی ، هەروەهـا لـە ئەنجامدانـی پشـکنینەکان بـۆ کرێـکاران هـەر لـە وەزارەتـی تەندروسـتی مایـەوە. لێـرەدا بـۆ شـاییەکی ئیـداری و کارگێـری هەیـە کـە وایکـردوە ئـەم لیژنانـە نەتوانـن ئـەرک و بەرپرسـیارێتی خۆیـان جێبەجـێ بکـەن، سـەربارەی ئـەوەی کـە ئـەم لێژنانـە گرفتیـان هەیـە ڕووی کارمەنـد و پسـپۆری پزیشـکی و کەلوپەلـی پێویسـت بـۆ ئەنجامدانـی پشـنکنینەکان و هەورەهـا توانـای لۆجیسـتی. هەمـوو ئەمانـە وایکـردوە کـە نەتوانـن بـە باشـی کار لـە سـەر جێبەجێکردنـی ڕێنمایـی و ڕێکارەکانـی سـەلامەتی و تەندروسـتی بکـەن لـە شـوێنەکان کار. ئـەم لیژنانـە لـە ئیسـتادا سـەردانی شـوێنەکانی کار دەکـەن و تێبینـی سـەرنج و پێشـنیارەکانی خۆیـان دەدەن بـە خاوەنـکارەکان، بـەڵام وەکـو باسـکرا توانـای سـەردانیکردنەکانیان سـنوردارە تونـای ڕوومالکردنـی هەمـوو شـوێنەکانی کاریـان نیـە و پشـکنینەکانیش تەنهـا تێبینیکـردن دەکرێـت نـەک بـە ئامێـری تایبـەت. ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی بـە هـاوکاری بەرێوبەرایەتـی گشـتی و کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی لـە هەرێمـی کوردسـتان ڕێنماییەکـی تایبەتـی بـە ڕێکخسـتنی کاروبـاری لێژنـەکان دیاریکردنـی دەسـەڵاتەکانیان

ئامادەکـردوە، لـە میانـەی چەنـد کۆبوونـەوە و وۆرکشـۆپێکدا گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە، ئاراسـتەی وەزارەتـی کار کـراوە بـۆ ئـەوەی تـا هەموارکردنـەوەی یاسـای کار لـە هەرێمـی کوردسـتان ئـەو بۆشـاییە پـڕ بکرێتـەوە. لـەو پێشـنیارانەش کـە رێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی ئاراسـتەی پەرلەمانـی کوردسـتانی کـردوە لەسـەر رەشنووسـی یاسـای کار، جەختـی لەسـەر ئـەوە کردۆتـەوە کـە سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی دەبێـت ناوەندێکـی نیشـتمانی هەبێـت لەشـارو ئیـدارە - سـەربەخۆکان لـە کەسـانی پسـپۆڕی جیاجیـا لەبـواری ئەندازیـاری و کیمیاویـی و فیزیاویـی و پزیشـکی و...تـد و کەرەسـتەکانیان بـۆ دابیـن بکرێـت و پشـکنەری تایبەتـی خۆیـان هەبێـت و خـاوەن بڕیاربـن.

## راهێنان و بەرزکردنەوەی هۆشیاری و هەڵمەتی پاڵپشتی

پێداویسـتیەکی تـری بەرەوپێـش بردنـی بەرنامـە و سیاسـەتی نیشـتمانی تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی بریتیـە لـە راهێنانـی بـەردەوام و دروسـتکردنی توانـا و شـارەزایی و مەعریفـە لـەم بـوارەدا. لەبـەر ئـەوەی بوارێکـی پسـپۆری فرەلایەنـە پێویسـتی بـە دروسـتکردنی سـتافی شـارەزا هەیـە لـە بـوارە جیـاوازەکان. بـە پێـی یاسـا و رێنماییـە بەرکارەکانیـش یەکێـک لـە ئەرکەکانـی سـەنتەری نیشـتمانی وهـەر دامەزراوەیەکـی تـری پەیوەسـت بـەم سـێکتەرە بریتیـە لـە ئەنجامدانـی راهێنـان و بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری سـەبارەت بـە مەترسـیەکانی کار و رێکارەکانـی خۆپاریـزی.

بـە پێـی ئـەو زانیاریانـەی کـە لـە مـاوەی ئەنجامدانـی پرۆژەکـە کۆکراونەتـەوە سـەنتەرەکانی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی لـە شـارەکان بـەردەوام خولـی راهێنانیـان کردۆتـەوە، جگـە لـە چارەکـی یەکەمـی ٢٠٢٢ سـەنتەرەکانی تەندروسـتی وسـەلامەتی پیشـەیی ٧٧٢ سـەردانیان بـۆ شـوێنەکانی کار ئەنجامـداوە لـە کەرتی گشـتی و کەرتـی تایبـەت. لـە کوردسـتانیش لیژنەکانـی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی وەکـو لـە زاری خۆیانـەوە ئاماژەیـان پێـداوە ژمارەیەکـی کەمـی سـەردان ئەنجـام دەدەن، لـە کاتێکـدا شـوێنەکانی کار بـە دەیـان هـەزارن، لـە رووی پراکتیکیـەوە رەنگـە ئەرکێکـی قـورس بێـت ئـەم سـەنتەرانە یـان لیژنـەکان سـەردانی ئـەو ژمـارە زۆرەی شـوێنەکانی کار بکـەن و بتوانـن راهێنـان بـە ژمارەیەکـی زۆر کرێـکار بکـەن و زانیـاری پیویسـتیان پێبگەیەنـن، هەروەهـا ئـەم سـەنتەرانە ناتوانـن و توانـای مرۆیـی و مـاددی و لۆجیسـتی پێویسـتیان لەبەردەسـتدا نیـە ئـەم کارە ئەنجـام بـدەن. ئـەم کەموکورییانـە لـە سیاسـەت و بەرنامـەی نیشـتمانی کـە رێکخـراوی کاری نێودەوڵەتـی دایڕشـتوە بەروونـی ئاماژەیـان پێـدراوە. لێـرەدا دەکرێـت، وەکـو لـە سیاسـەت و بەرنامەکـەدا جەختـی لەسـەر کراوەتـەوە، سـوود لـە هەماهەنگـی سـێ لایـەن وەربگیرێـت بـۆ پڕکردنـەوەی بۆشـایی و پێداویسـتیەکان.

مەبەسـت لـە هەماهەنگـی سـێ لایەنـە بریتیـە لەدامەزراوەکانـی حکومـەت و رێکخراوەکانـی کرێـکاران و رێکخراوەکانـی خاوەنـکارەکان. لـە ئێسـتادا ئـەم هەماهەنگیـە لـە ئاسـتی نەبوونـە، لـە سـێکتەری سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی رێکخراوەکانـی کرێـکاران و خاوەنـکارەکان هیـچ بەشـدارییەکی بەرچاویـان نیـە، هەروەها لە رووی شارەزایشـەوە زۆر لاوازن، بۆیـە وەکـو رێگایەکـی کاریگـەر دەکرێـت ئـەم رێکخراوانـە بەشـدارییان پێبکرێـت و توانـادار بکرێـت، ئـەو کاتـە دەتوانـن لـە رێـگای کردنـەوەی خـول و ئەنجامدانـی سـمینار و وۆرکشـۆپەوە بەشـێک لـەو پێداویسـتیانە پڕبکـەوە.

هـەر پەیوەسـت بـەم پرسـە بـە تایبەتـی لـە بەرزکردنـەوەی هۆشـیاری و ئەنجامدانـی هەڵمەتـی پاڵپشـتی، ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـگای مەدەنـی دەتوانـن ڕۆڵـی کاریگـەر بگێـڕن بەهـۆی ئـەو میکانیـزم و شـێوازی کارکردنـەی کـە پەیـڕەوی دەکـەن. لـە ئاسـتی ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـگای مەدەنـی دیسـان بایـەخ پێدانێکی جدی لەسـەر پرسـی تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی نابینرێـت. بـۆ نموونـە تـا ئێسـتا ژمارەیەکـی کەمـی ڕێکخـراوەکان لـەم بـوارە کاردەکـەن، لـە لایـەن ڕێکخراوەکانـەوە لـە بۆنەیەکـی وەکـو ڕۆژی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی کـە ٢٨ی نیسـانی هەمـوو سـاڵێکە هەڵمەتیکـی فـراوان لەسـەر ئاسـتی نیشـتمانی بەرێوەنەچـووە بـۆ گەیاندنـی مەبەسـت و پەیامـی دیاریکردنـی ئـەم ڕۆژە. ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـگای مەدەنـی و سـەندیکاکانی کرێـکار دوو فاکتـەری گرنگـن لـە بەدیهێنانـی بنەماکانـی تەندروسـتی و سـەلامەتی پیشـەیی، بـە تایبەتیـش لـە ڕووی بەزرکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری گشـتی دەربـارەی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی.

## پێشنیار و ڕاسپاردەکان

١- سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی وەکـو پرسـێکی نیشـتمانی بناسرێـت، یەکێـک بێـت لـە ئەولەویاتەکانـی حکومەتـی عێراقـی فیـدراڵ و هەرێمـی کوردسـتان لـە بـواری چالاکیـە ئابورییـەکان و کار. هەروەهـا بەرنامـە و سیاسـەتی تۆکمـەی بـۆ دابرێـژن و هەوڵـی زیاتـر و توانـای باشـتر لـە بـواری سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی بخەنەگـەر، ژینگەیەکـی سـەلامەت و تەندروسـت بـۆ کرێـکار و کارمەنـدان لـە هـەردوو کەرتـی گشـتی و تایبـەت دابیـن بکـەن.

٢- پەلەکـردن لـە چاکسـازی لـە یاسـاو ڕێنماییـە بەرکارەکانـی پەیوەسـت بـە سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی بـە پێـی سـتانداردە نێودەوڵەتیـان. لەگـەڵ دەرکردنـی یاسـایەکی تایبـەت بـە دامەزراوەکانـی ئـەم کەرتـە کـە سـەربەخۆیی لـە دەسـەڵات و بڕیارەکانیانـدا بپارێزێـت.

٣- دانانـی سیسـتەمێکی پێشـکەوتووی بەدواداچـوون و پشـکنینی شـوێنەکانی کار لەگـەڵ دابینکردنـی تـەواوی پێداویسـتیە مرۆیـی و ماددییەکانـی ئـەم ئەرکـە. دانانـی پشـکنەری تایبـەت بـە بـواری سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی کـە توانـای بڕیـاردان و وەرگرتنـی ڕێـکاری پێویسـتی هەبێـت لـە کاتـی سـەردانیکردنی شـوێنەکانی کار.
٤- کارکـردن بـۆ دامەزراندنـی سـەنتەری نیشـتمانی لـە هەرێمـی کوردسـتان. تـا ئەوکاتـەش پەلەکـردن لـە دەرکردنی ئـەو ڕێنماییـەی کـە ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی پێشکەشـی وەزارەتـی کـردوە، هەروەهـا پێدانـی دەسـەلاتی پێدانـی مۆڵـەت بـە لیژنەکانـی سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی شـوێنەکانی کار.

٥- بـرەودان بـە هـاوکاری و هاوبەشـی سـێ لایەنـەی نێـوان دامـەزراوە حکومیـەکان و سـەندیکاکانی کرێـکاران و ڕێکخراوەکانـی خاوەنـکارەکان بـە تایبەتـی لـە بـواری ڕاهێنـان و بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری و هەڵمەتـی پاڵپشـتی لـە بـواری سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی.

راگەیەندراوی ڕێکخراوی ئاشتی وئازادی

لەبارەی رەوشی سەلامەتی وتەندروستی

# لەساڵی 2022 دا دەیان کرێکار لەکاتی کارکردندا
# گـــیان لەدەســـتدەدەن وســـەدانیش بریندارەدەبن



هەولێر- 26ی شوباتی 2023